**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٥**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

(( **بـڕیـــار** ))

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/٩/٢٤)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا .

**یەکـەم:** لەبەر ئەو هەڵوێستە پیرۆزانەی کە ئەم شەخسییەتانەی ناویان لە خوارەوە تۆمارکراوە ، بەرامبەر بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو ئامانجی شەرەفمەندو داواکارییە ڕەواکانی گەلی کورددا بوویانەو ، گەلی کوردستانیش ، خۆی ئاسایی ، بەوەفاوە پاداشتی ئەو هەست و هەڵوێستە مرۆڤایەتییەیان دەداتەوە ، لەبەر ئەوانە ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاریدا کە بە جۆرێکی ئەوتۆ تەکریمیان بکات لەگەڵ شان و شەوکەتی بالآیاندا بشێو ، ناویان لەدڵ و دەروون ویادی گەلەکەمان و نەوەکانی دوا ڕۆژیدا هەمیشە بمێنێ و لە یاد نەچێ ، ئەو زاتانەش ئەمانەن :

أ. بەهەشتی ((**سەرۆک جمال عبدالناصر**)) سەرکۆماری پێشتری میسری عەرەبی.

ب. بەهەشتی ((**أية الله العظمى السيد محسن الحكيم**)) مەرجەعی ئاینی شیعەکان.

ج. بەهەشتی ((**عزیـز شـریف**)) وەزیـری دەولەی پێشتری عێراق .

د. بەهەشتی ((**كامل الجادرجي**)) سەرۆکی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق.

ه. بەهەشتی ((**محمد مهدی الجواهری**)) شاعیری گەورەی عەرەب .

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە شێوازی ئەم تەکریم کردنەیان بەجۆرێ دابڕێژێ لەگەڵ شان و شەوکەتی هەر یەکەیاندا بشێو ، مەبەستی ئەم بڕیارە بێنێتەجێ .

**سێیەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە بخەنەکار .

**چـوارەم:** ئەم بڕیـارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلآودەکرێتەوە .

**د. ڕۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**